# گۆڕانکارییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی

لیسبیت لارشۆن
وەرگێران: تیشکە مەرەسەنە

کەیت میلێت لە پێشەکی کتێبی سیاسەتی سێکسوال (1969) نوسیبووی "من ئیشم لەسەر ئەو پێشفەڕزە کردووە کە دەبێت فەزایەک هەبێت بۆ ڕەخنەیەک کە حیساب لەسەر لایەنی کولتوری و شوێنی لەدایکبوون و نووسینی ئەدەبیات دەکات ". نامەی دکتۆراکەی کەیت میلت کە لەسەر تیۆری ئەدەبیات بوو لە نەوعی(شێوەی) خۆیدا شتێکی تازە بوو. تەنێ لەبەر ئەوەی نا کە بە ئاگاییەوە باس لە ئەو نامێژووبوون و سەربەخۆیی دەقی ئیدیال دەکات کە زاڵبووە بەسەر ئەو بوارەدا لە سەردەمی دوای شەڕدا، بەڵکو لە پێش هەموو شتێکەوە لەبەر ڕوانگەی سیاسیی جنسیی ئەو و لەبەر وزەی لەڕادەبەدەری ئەو کە لە دەقە زانستییەکەیدا دەریبڕیوە. لە سیاسەتی سێکسوال بە وردییەکی لە ڕادەبەدەروە تاوتوێی ئەوەی کردبوو کە لەناو ئەو سازییە ئەدەبییەی کە هەیە چۆن بەشێکی زۆر لە نووسەرە پیاوە بەرزنرخێندراوەکان باسیان لە ژن و سێکسوالیتێت کردوە. زۆر کەس نامەی دوکتۆراکەی میلێتیان وەک هێرشی لە پێشەوەکراو نە تەنیا بۆ سەر ئەو کانوونیبوونی ئەدەبییە و ئەو ئەنجومەنی زانستیەی کە هەیە دەدیت، بەڵکو هەروەها وەک دەرپڕینێک یان هەڵوێستەیەکی ئاشکرای سیاسیشیان دەدیت. میلێت پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەو ئیدیالە زانستییە زاڵانە پچراندبوو، ئەوەش بە جەختکردن لەسەر ئەوەی لە ناو تێکستەکاندا چی دەگوترێت تا ئەوەی چۆن دەگوترێت، لە ڕێگای دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی لە نێوان ژیان و شێعردا کە لە تیۆریی ئەدەبیی باو و جێگرتوودا پچڕابوو. بەڵام ئەوەی میلێت لەپێش هەموو شتێکەوە کردبووی ئەوە بوو کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیدیالی مەوداگرتوو، ناشەخسی و بەئۆبژەکراوی زانستی پچڕاند، میلێت ئەوەشی لە ڕێگای دەرپڕینی ئازادانەی سەرسامی و ئازارەکانی خۆی بەڕێوە برد.

نامەی دکتۆراکەی کەیت میلت دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی فێمینیستی. ئەم بەرهەمە هەتا ئێستاش لە چەشنی خۆیدا شتێکی شاز و دانستەیە و ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوری و هۆگریی بەسنووربەزاندنی زانستییانە بەیەکەوە گرێ دەدات. بەمجۆرە ئەم بەرهەمە بوارێکی لیکۆڵینەوە نوێنەرایەتی دەکات، بوارێک کە سەرەڕای مێژووی کورتی خۆی گەشەکردنێکی بەربڵاو و پڕ ناوەرۆکی بەخۆوە بینیووە. ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی کە من ئەو ناوەم بۆ ئەو بوارە راستەوخۆ لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، لەوێدا چەمکی "رەخنە" کە مانایەکی بەرفراوانتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو مانا باوەی کە لە زمانی سوێدیدا هەیەتی، بەتایبەت ئەگەر مرۆڤ بەرفراوانبوونەکە لە ڕوانگەیەکی نێونەتەوەییەوە

تەماشا بکات دەزانێت کە یەکێک لە بەشە هەرە گرنگەکانی تیۆری ئەدەبی لەو دەیانەی دواییدا رەخنە بووە. رەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی بەهۆی پێناسەکردنەوە بەردەوامەکانی خۆی و لە رەخنە بنەرەتییە ئاراستەکاروەکانیدا بە زۆر شێوەی جیاواز سازکردنی تیۆری ئەدەبی بەرەو پێشەوە بردووە. هاوکات ئەو لێکۆڵینەوە دیاریکراوانەی کە لەسەر دەق و نووسەر کراون سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێناوە. نامەگەلی دکتۆرا، لێکۆڵینەوە و بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر مێژوویی ئەدەبیات بە مۆرکی فێمینیستیەوە نووسراون بە بەردەوامی سەرنجراکێش بوونە، نە تەنیا لە ئاستی ئەکادیمیدا بەڵکو بەڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی دنیای ئەکادیمیش سەرنجیان راکێشاوە.

زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی لە حەفتاکاندا جێگای خۆی دا بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی ژنان، کە ئەویش بە نۆرەی خۆی لە کۆتایی هەشتاکاندا جێگای خۆی دا بە لێکۆڵینەوەی ژێندار. ئەم جێگۆڕکێ زاراوەییانە و ئەو گۆڕانکارییە رادیکاڵ و تیۆریانە کە لەو مەیدانەدا کراون، نیشان دەدات. لەوێدایە کە ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی میلێت قورساییەکی زۆری خستە سەر ڕەخنەکردنی سێکسیسم لە کۆمەڵگای سەردەم دا و لە دەقی نووسەرانی پیاودا. لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی ژنان کە هەر بە ناوەکەی ڕا دیارە کە جەختی لەسەر ئەدەبیاتێک دەکرد کە ژنان نووسیویانە و لە ڕوانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگێندراوە. بەڵام لە لێکۆڵینەوەی ژێندەردا زیاتر تەرکیز دەخرێتە سەر چۆنییەتی دروستبوونی جنس و شوناسی جنسی بەهۆی گوتاری زمانی و کولتوری.

میتۆدی کەیت میلێت ڕەخنەی ئایدۆلۆژییانە بوو. ئەو حەزی دەکرد ئەو ئایدۆلۆژیایانە بەرچاو بخات و حاڵی بێت لەو تێگەیشتنە ناراست و درۆزنانەی کە دەربارەی ژنان و سێکسوالیتێت لە ئارادا بوون، کە لەلایەن نووسەرانی پیاوەوە نووسرابوون، نووسەرانێک کە ڕەخنەی ئەدەبیی و مێژووی ئەدەبی خستوونیە ناوەند. بچووکترین ژێری هاوبەش لەم بوارەشدا سەرەڕای هەبوونی گۆڕانکارییەکان بریتی بووە لە ڕەخنەگرتن لەو ڕێکەوتنە زاڵانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی جنس بەگشتی و مەسەلەی ژنییەتی بەتایبەتی لە دەقەکاندا دەردەبڕدرێن و دەئافرێندرێن. بەرهەمێکی دیکەی سونەتی لەو بارەوە کتێبەکەی مەری ئێلمانە بەناوی بیرکردنەوە دەربارەی ژنان Thinking About Womenی ئێمە (1968)، ماری ئێلمان لەو کتێبەیدا چۆنییەتی تێکچڕژاوی کولتوری نیشان دابوو کە لە ڕێگای بیرکردنەوە لە قیاسە سێکسوالییەکان دایە و هاوکات باسی لە نامەنتیقبوون و نائاساییبوونی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە کردبوو. ئێلمان بەگاڵتەجارییەوە باسی ئەو ستێریۆتیپانە دەکات کە تا ڕادەیەکی زۆر نووسەرانی پیاو و رەخنەگران سەبارەت بە ژنان نووسیوویانە و دەینووسن، ئەو ستێریۆتیپانە بریتین لە بێفۆرمی، پاسیڤیزم، ناسەقامگیری، سنورداری، شێوەداری، ماتریالیزم، روحانیبوون، ناعەقڵانییەت و وەپشتگوێدراو. شتێک کە دواجار بەتایبەتی دەتوانرێت باسی لێ بکرێ وێنەی ئەو سێحربازە لەچارەنەهاتووەی کە لە نووسینی پیاوان و رەخنەکانیاندابەرجەستە کراوە لە ژن. تایبەتمەندی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی لە قۆناغی دەستپێکیدا بریتی بوو لە خوێندنەوەی شکئامێز و نارەفیقانەی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی باو. مەبەستی ئەم جۆرە ڕەخنەیە

بریتی بوو لە لەهەڵدانی دەقگەلی باو و خۆپاراستن لەم دەقانە. لە کتێبی (1978) جۆدیس فیتێرلیThe Resisting Reader خوێندنەوەی بەرهەڵستکار کاریکی زۆری کردبوو لەسەر ئەو پرۆگرامەی کە نابێ تەنیا هاوبیری لەگەڵ ئەو تێکستانە دابکرێت کە هی پیاوان و تێکستی بەرجەستە و بەناوەندکراون، بەڵکو دەبێ دژخوێندنەوەش هەبێت، واتا هەوبیرنەبوون لەگەڵ ئەو جیهانەی کە دەقەکان بەرجەستەی دەکەن. بەگوتەی فیتێرلی ئەو تێکستانە خوێنەری ژن مەجبوور دەکەن کە "لەو ئەزموونانەدا بەشداری بکات کە ژن خۆی بە ئاشکرا نیەتی و لێی بێبەشە."

رەخنە گرتن لەو وێنانەی ژن کە زەینییەتی نووسەرانی پیاو سازی کردوون، " ناوزەد کرا،image of women criticismڕەوتێک کە بە" دیمەنی ڕەخنەی ژنانە"" بوو بە دەستمایەکی سنووردار لە رەخنەی ئەدەبیی فێمینیستیدا. هەر زۆر خێرا هۆگریی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی دەچێتە سەر نووسەرانی ژن. مرۆڤ پرسیاری لە خۆی دەکرد تۆ بڵێی نووسەرانێکی ژن هەبن و ئەگەر هەشن بۆ نەهاتوونەتە ناو ئەو مێژووی ئەدەبیاتانەی کە نووسراوون؟ ئایا ژنان ئەوەندە خراپیان نووسیوە کە بۆتە هۆکاری ناونەهاتنیان لە مێژووی ئەدەبیدا؟ یان بە شێوەیەکی جیاواز نووسیوویانە؟ تۆ بڵێی نۆرمە کولتورییەکانمان و پێوەرەکانمان بووبێتنە هۆکاری نەبینینی ئەو دەقانە و بەمانایەکی مێتافۆری بوونە هۆکاری ئەوەی ئەم دەقانە شیاوی خوێندنەوە و لێتێگەیشتن نەبن؟ ئەو پرسیارانە بوونە هۆی کرانەوەی بوارێکی لێکۆڵینەوەی تەواو نوێ و بەنرخ لە تۆری ئەدەبیدا. لە زنجیرە لێکۆڵینەوەیەک لەو بوارەدا کۆمەڵێک نووسەری ژن کە پێشتر ناسراو بوون هەڵسەنگێندرانەوە و لێکۆڵینەوەی تازەیان لەسەر کرا، نووسەرە لە بیرکراوەکان هێندرانە بەر باس و تواناییان پێ بەخشرایەوە. مرۆڤ دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ترادیسۆنی ئەدەبی ژنان، بۆ ئەو مەبەستەش رەخنەگری وەک ئێلێن (1976) باسی لەو ترادیسۆنەLiterary Women مۆرس لە کتێبی ژنانی ئەدیب A Literature of Their کردبوو و پاشان ئێلین شواڵتێر لە کتێبی ئەدەبیاتی خۆیان (1977 ) هەمان کاری کردبوو. مرۆڤ لێکۆڵینەوەی لەسەر گێڕانەوە وOwn تایبەتمەندییە ژنایەتییەکان کردبوو. بە بۆچوونی شواڵتێر و مۆرس ترادیسۆنێکی دیکە هەبووە کە جیاوازە لەو ترادیسۆنە پیاوانە کە لە مێژووی ئەدەبی باودا نیشاندراوە، ترادیسۆنێک کە تێیدا نووسەرانی ژن "بەردەوامییەکی خیاڵیان" پێکهێناوەو کە تێیدا ئۆلگو، تێما و کێشەکان نەوە بەدوای نەوەدا، بەردەوام دووپات دەبوونەوە( شواڵتێر،1977).

ئێلین شواڵتێر دەورێکی سەرەکی هەیە لە نیشاندانی ئەو دەستمایە زۆرەی لە ناو ئەدەبیاتی ئەنگلۆساکسی ژناندا هەیە. شواڵتێر لە کتێبی ئەدەبیاتی خۆیان (1977) دا خوێندنەوەیەکی ڕەسەن و بەگشتیA Literature of Their Own) بەرەوپێشچووی لە مێژووی ئەدەبی ژناندا هەبووە. شواڵتێر مێژووی ئەدەبی ژنانی ،( feminine) "بەسەر سێ قۆناغدا دابەش کردبوو، کە بریتین لە "ژنایەتی شواڵتێر دەیهەوێت نیشانبدات ،(female) "و "ژنێتی ( Feminist ) "فێمینیستی" کە چۆن ژنان خۆیان بە شێوەیەکی کەم یا زۆر رەسەن دەربڕیوە. لە قۆناغی یەکەمدا واتا "ژنایەتی"دا نووسەرانی ژن لەژێر کارتێکەری گێڕانەوەکانی

نووسەرانی پیاودا بوون و لاسای ئەوانیان دەکردەوە، بەڵام نووسەرانی ژن گێڕانەوەی خۆیان لە قۆناغی دووەم، واتا"فێمینیستی"دا لە ڕێگای دژایەتیکردن و شۆڕشکردن دژی پیاوان شکڵ پێدا. قۆناغی سێیەم کە شواڵتێر بە ناوی دەبات سەرەتایەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان ( female) ""ژنێتی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، لەوێدایە کە ژنان بە بۆچوونی شواڵتێر ئازادن بۆ خۆدۆزینەوە و بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیان.

لەهەمانکاتدا لێکۆڵەرەوەی ئەدەبیاتی ژنان بۆ نموونە شواڵتێر و مۆرس باسیان لەوە دەکرد کە بەسەرهاتی ژنان لە کولتوردا بەزۆر شێوەی جیاواز بێدەنگکرابوو و ئیمکانات و هەلومەرجی ژنان بۆ خۆ دەرپڕین زۆر سنووردار کرابوو، سەرەڕای هەموو ئەوانەش ژنان جێگای باشیان لە لێکدانەوەی ئەدەبی و نووسینی مێژوودا گرتووە. ساندرا گیلبێرت و سوسەن گیوبار لە کتێبی "ژنی شێتی ناو (1979)دا تیۆرییەکی جوانیناسییانThe Madwoman in the Atticخەڵوەتی" ( فۆرمۆلە کرد کە لەوێدا گرنگیەکی زۆریان دابوو بە جێگا و شوێنی ژنان کە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوری ژێردەستەن. لە کۆمەڵگایەکدا کە لە بنەڕەتەوە نکۆڵی لە هەبوونی ژن دەکات، چ وەک تاک چ وەک نووسەر، دەبێ بەسەرهاتی ئەوان هەمیشە دوولایەنە بێت، بەواتایەکی تر دەبێ هەم لایەنی مرۆڤایەتی هەم لایەنی ژن بوون تێیدا ڕەنگبداتەوە. گیلبێرت و گیوبار بۆ ئەوەی تایبەتمەندی دەقی ژنان دەستنیشان بکەن چەمکێک بە ناوی پالیمپسێست بەکار دێنن. (Palimpsest)

گیلبێرت و گیوبار لەو باوەڕە دابوون کە دەقگەلی ژنان دروست هەروەک پالیمپسێست بریتییە لە دوو توێژاڵ، کە تێیدا دەقی ژێرەوەی یان دەقی سەرەکی داپۆشراوە و کەوتۆتە ژێر نووسراوەیەکی تر. لە گێڕانەوەی دەقی ژناندا کە تەواو لەبەردەستدان و خۆیان لەگەڵ نۆرمە کەلتورییەکان ڕێکخستووە بەردەوام تێکستێکی تر لەودیو نۆرمەکان هەیە کە سەربزۆزانەیە. هەرچەند ئەم توێژاڵە شاراوەیە بەڵام دەتوانێت هەرچۆنێک بێت هەستی پێ بکرێت. گیلبێرت و گیوبار بۆ بەهێزکردنی ئەو تێزەی خۆیان کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا نموونەیەکی پڕ بە پێست دێننەوە، نموونەی بەرجەستەی ئەوان بریتییە لە " ژنی شێتی ناو خەڵوەتی"The Madwoman in the Atticی کە لە ڕۆمانەکەی جەین ئێر شارلۆت برۆنتێ وەرگیراوە، دیارە ناوی کتێبەکەشیان هەر لەو ڕۆمانە وەرگرتووە. لەو ڕۆمانەدا پیاوەکە ژنە شێتەکەی خۆی (خودی ژێرینی جین)ی لە هەورەبانەکە شاردۆتەوە، بەڵام ئەو ژنە شێتە بە قیژەیەکی لەناکاو کە بە هەموو ژوورەکەدا بڵاو دەبێتەوە هەستی جین و پیاوەکە تێکدەدات. بە باوەڕی گیلبێرت و گیوبار هەروەک لەو ڕۆمانەدا دیارە هەمیشە ژنێکی شێتی تووڕەی سەربزێوی شاراوە لە تێکستی ژناندا هەیە، کە قیژەکەی هەر وەک قیژەی ژنە شێتەکەی ڕۆمانی برۆنتێ جارجار دەبیسترێ و ئەوە ئەرکی ئەدەبیاتناسی فێمینیستە کە گوێی لێبگرێ و ئەو دەقانە لێکداتەوە کە ئەم گێڕانەوانە لە خۆ دەگرێت.

بەبەراورد لەگەڵ دەقی پیاوان دەقی ژنان بەردەوام بە هۆگری و هەستیاری دەخوێندرانەوە. ئێلین شواڵتێر لە وتارێکیدا بەناوی "ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی

له زەویی بەیار" (1981) دا له کتێبی تیئۆری رەخنەی مۆدێرن(1991) دا بوو بۆ ئەو شێوە خوێندنەوەیە چەمکێکی تایبەتی دانا بەناوی "رەخنەی ژێندری"(gynokritik). کاری ئەو چەمکە تازەیە بەگوتەی شوالتێر ئەوەیە کە بەدوای دەربڕین یان گێڕانەوەی ژنانەدا بگەڕێت. هەرچی دەگەڕێتەوە سەرچەمکی رەخنەی ئەدەبیی فێمینیسستی، شوالتێر حەزی دەکرد کە بۆ خوێندنەوەی دەقی پیاوان بەکاری بێنێت، خوێندنەوەیەک کە باس لە جێ و ئەو زوڵمە بکات کە لە ژنان دەکرێ لەناو دەقی پیاواندا. لە هەمان وتاردا شوالتێر مۆدێلێکی پێشخست کە بە هاوکاری ئەو مۆدێلە بەدوای پاساوێک یان هۆیەک دەگەڕا بۆ دوومانایی دەقی ژنان لە کولتوردا. بۆ ئەوە شوالتێر کەڵکی لە مۆدێلی ئێدوین ئاردینێر (Edwin )خەڵکناسی یان مرۆڤناسی ( Social anthropology Ardener) وەرگرتبوو. لەو مۆدێلەدا دەبینرێت کە چۆن دوو کولتوری هاوکات بەسەریەکدا هەن، یەکیان کولتوری سەردەست یان زاڵ و ئەویتریان کولتوری بندەست، ئەو دوو کولتورە بەردەوام یەکتر تەواو دەکەن. ئەو بازنەیەی کە ئاردینێر لە مۆدێلی خۆیدا کێشاویەتی سیمبۆلێکە بۆ ئەو کولتورە سەردەست و زاڵەی کە کولتورێکی پیاوانەیە. بە گووتەی شوالتێر، ئەو کولتورە زاڵە کولتوری ژێردەستەی کە لەو حاڵەتەدا بە کولتوری ژنان ناوزەد دەکرێ داگیرکردووە و داپۆشیووە. ئەو کولتورە زاڵە بەم شێوەیە ڕێگا دەگرێت لە کولتوری ژێردەست و خۆ دەربڕینی ئەو کولتورە. ئەو دوو بازنە کولتورییە بەو ڕادەیە ئابستراکت و جێگرتوو نین، بۆیە دەبینرێت کە کولتوری ژێردەست تەواو شاراوە نییە و هەستی پێدەکرێت. لە مۆدێلی بازنەیی شوالتێر و ئاردینێر تێبینی ئەوە دەکرێت کە شکڵێکی لە شێوەی نیوەمانگ لە دەرەوەی کولتوری پیاوان واتا کولتوری سەردەستدا هەیە، کولتورێک لە دەرەوەی کولتوردا، ئەو کولتورەی کە ئاردینێر بە زەوی بەیار ناوی دەبات و شوالتێر بە "وڵاتی هیچ کەس نا، شوێنێک کە پیاوان هەقیان نییە بچنە ناوی" و دەستیان وێراناگات ناوزەدی دەکات. هاوکات شوالتێر ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ نووسینێک لە دەرەوەی کولتوردا نییە و باس لەوە دەکات کە نووسینی ژنان بەردەوام خۆی لەناو کولتوردا و لە دەرەوەی کولتوردا دەبینێتەوە. ژنان هاوکات خۆیان لە دوو ترادیسیۆندا دەدیتەوە کە ئەوەش لە نووسینەکانیاندا رەنگدەداتەوە.

کتێبەکانی مۆرس. شوالتێر، گیلبێرت و گیوبار لە کۆتایی حەفتاکاندا بڵاوبوونەوە و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر رەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی لە ئەمریکا و بریتانیا و تەنانەت سوێدیش هەبووە. رەخنەی ئەدەبی لە سوێد لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا بە شێوەیەکی گشتی تا ئەوکاتیش قۆناغی تەقینەوە و دۆزینەوەی تێپەڕ نەکردبوو، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەمریکا لێکۆڵینەوەی مەیدانی زۆر بەخێرایی گەشەی کرد و ئەو لێکوڵینەوە مەیدانییە بوو بە ئامانج بۆ شەڕ و دووبارە پێناسەکردنەوەکان. کتێبی پێشەنگی ڕۆڵی جنس لە ئەدەبیاتدا لە سەردەمی ئانتیکەوە تاوەکو ساڵی 1960 کە کارین وێستمان بێری لە ساڵی 1968 چاپی کردووە، کتێبێک بوو پێکهاتە لە رەخنەی ئایدۆلۆژیکی. نامەی دوکتۆراکەی وێستمان بێری کە لە ساڵی 1962 لەسەر نووسەرێکی پیاو نووسیبووی رەنگە شتێکمان دەربارەی هەلومەرجی ئەوکاتی سوێد پێبڵێ.، ئەو نووسەرەی وێستمان بێری نامەی دوکتۆراکەی لەسەر نووسیبوو س. ج. ل. ئالمکڤیست (C. J. L. Almqvist) بوو کە وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی دوان لەسەر پرسی ژنان

دادەنرێت. کاری نوێستمان بێری جگە لەوەش کتێبێکی ئیدیت کردووە بەناوی راڤەی دەق لە ڕوانگەی رۆڵی جنسدا(1976) کە هەروەک ئەو لێکوڵینەوە ئەنتۆلۆگییەی کە لە نۆرویژ بەناوی زمانێکی تر چاپکرابوو سەرەتای شوروشەوق و پێشکەوتنی ئەو بوارە بوون لە وڵاتانی باکوری ئوروپادا.

بیرگیتا هۆڵم لە کتێبی فرێدریکا برێمێر و لەدایکبوونی ڕۆمانی بورژوایی(1981) باسی تیۆری سازکراوی گیلبێرت و گیوبار دەکات و ئەوە نیشان دەدات کە ئەو تیورییە چەندە گونجاوە بۆ بەکارهێنانی لەسەر دەقە سوێدییەکان. هۆڵم بە هاوکاری چەمکی پالیمپسێسی گیلبێرت و گیوبار نەتەنیا مانای تا ئەوکات نەدیتراوی لە ڕۆمانی فرێدریکا برێمێردا دۆزیەوە، بەڵکو جگە لەوەش هۆڵم ئەوەی دەستنیشان کرد کە فرێدیکا برێمێر شیاوی جێگایەکی بەرزترە لەو جێگایەی کە لە مێژووی ئەدەبیاتدا پێ بەخشراوە. لە کتێبی ژنانی مۆدێرنی ڕەچەشکێن(1983) دا پیل داهلریوپ تێکەڵاوییەکی لە نێوان هێرشی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی بۆ سەر ڕەخنەی ئەدەبیی پیاوانە و سازکردنی ئەدەبیاتی کانوون دروست کرد، لە ڕێگای بەکارهێنانی رەخنەی ژێندری بۆ ئەوەی هەق بدات بە نووسەرانی ژنی لە مێژووی ئەدەبیدا شاردراوە. ناوی ئەو کتێبە بەرجەستەیە دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی جۆرج براندێ بە ناوی پیاوانی مۆدێرنی ڕەچەشکێن(1883). لەو کتێبەدا براندێ بەهاوکاری یان کەڵکوەرگرتن لە ئەدەبیاتی دووسەد ساڵی ڕابردووی وڵاتانی ئوروپای باکوور پرۆگرامێکی بۆ ئەدەبیاتی مۆدێرن دامەزراند. داهلریوپ ئەو نۆرم و پێوەرە ئەرزشیانەی کە براندێ کاریان پێدەکات، بۆ نموونە وەک هۆگری بە یەکجنسی کە هەر لە ناوی کتێبەکەی براندێ دەردەکەوێت، دەستنیشان دەکات. جگە لەوەش بەشێکی گرنگ و بنەڕەتیی کتێبەکەی داهلریوپ بریتییە لە پێداچوونەوەیەکی وردی ئەو دەقانە کە ژنانی نووسەری دانمارکی لەو سەردەمەدا بڵاویان کردۆتەوە کە براندێ خەریکی نووسینی کتێبەکەی خۆی پیاوانی مۆدێرنی ڕەچەشکێن بووە. داهلریوپ لە لێکدانەوەکانی خۆیدا ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ئەو نووسەرە ژنانە خۆیان فۆرمۆلە دەکەن و چۆن گێڕانەوە نائومێدییەکانی خۆیان بە شێوەیەکی چڕو پڕ هاوتەریب دەکەن لەگەڵ ئەو ئیدیالانەی کە براندێ دەربارەی نووسیبوون.

هەم بیرگیتا هۆڵم و هەم پیل داهلریوپ ڕۆڵی سەرەکیی ئەو نووسەرە ژنانە کە لە نوێکردنەوەی ئەدەبیاتدا لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەیانبووە نیشان دەدەن. ئەو نووسەرە ژنانەی کە لەو سەردەمەدا مەیدانی ئەدەبیان داگیرکردبوو، هاوکات فۆرمی شێوەی دەرپرینی ئەدەبیاتیشیان گۆری. بیرگیتا هۆڵم لە کتێبەکەی خۆیدا کە یەکێ لە ڕۆمانەکانیH دەستەواژەیەک لە پێشەکییە ئالیگۆرییەکەی خێزانی فرێدریکا برێمێرە دێنێتەوە، کە دواتر ئەو دەستەواژەیە لابراوە. لە وێدایە کە فرێدریکا برێمێر باس لە کچێک دەکات کە بەبێ ئەوەی بلێتی چوونە ژوورەوەی بۆ سەمای بالەی بە کۆمەڵ کڕیبێت دەیهەوێت بچێتە ژوور و بەشدار بێت. ئەو کچە لە ناوەڕاستی دەرگاکە وەستاوە و تامەزرۆی چوونە ژووری هەیە، هەرچەندە ئەو هیچ لەو سەما سەیرانەی کە لەو ژوورەدا دەکرێن نازانێ، بەڵام تەنێ بە حەزی زۆری خۆی لەسەر سەردەرگاکە سەمایەک کە خۆی دایهێناوە دەکات. ئەو سەمایە وا لە حەزی پیاوێک کە بەلایدا تێدەپەڕێت دەکات کە پارە بدات بە کچەکە

بۆ کڕینی بڵیت و پێی بچێته ژوور. هۆڵم ئەو بەشە بەو شێوەیە دەخوێنێتەوە کە ئەوە دەقاودەق جێگای نووسەری ژنە کە هەم لەناو و هەم لە دەرەوەی نۆرم خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی سەرەکیی هۆڵم لێرەدا لەسەر ئەوەیە کە چۆن نووسەرانی ژن بەشداری لە سەماکەدا دەکەن لە ڕێگای دووبارە شکڵدانەوەی سەماکە بە شێوەی خۆیان. ئەو جۆرە نوێکردنەوەیە بەهۆی لادان لە نۆرمە باوەکانەوە بووەتەچەقی کێکۆڵینەوەی ئەم بەرهەمانەی خوارەوە:

کتێبی ئێبا ویت- براتستڕۆم لەسەر نووسینەکانی موا مارتینسۆن لە ساڵی 1988، کتێبی بیرگیتا سڤانبێری لە نووسینی ئەگنێس ڤۆن کریوسێنشێرنالە ساڵی (1989) و لە سنووری وڵات لە نووسینی ئێڤا ئادۆڵفسۆن لە ساڵی (1991). لە کتێبی موا مارتینسۆن: نووسین و ئەنگێزە لە سییەکاندا، ئێبا ویت- براتستڕۆم ئەوەمان نیشان دەدات کە چۆن موا مارتینسۆن لە ناو جەرگەی ئەو مۆدێرنیزمە گەشەکردووە و دەستەبەندگەلی ژیانویستیانەدا، شتی خۆی کە ژنانە و ژیانگەرا بووە نووسیوە. لە کتێبی راستی دەربارەی ژن دا بیرگیتا سڤان بێری خوێندنەوەیەکمان لە زنجیرە رۆمانەکانی خانمەکانی ڤۆن پاهال ی ئەگنێس ڤۆن کریوسێنشێرنا دەداتێ کە وەک دژایەتییەکی فێمینستی هەم بەرامبەر بە مۆدێرنیزمی ئەوکات و هەم بەرامبەر بە شەپۆلەکانی نازیسم و فاشیزمی، دەدیت.

بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتی ژنان کە لە وڵاتانی باکووری ئوروپا و سوێد ئەنجامدراون تەرخان کراون بۆ ئەو دەقانەی کە لەلایەن نووسەرانی ژنەوە نووسراون، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مرۆڤ بۆتە خاوەنی ئەو تێگەیشتنەی کە شێوەیەکی تایبەتی بۆ خوێندنەوەی ژنانە وەدی دەهێنێت. لە نامەی دکتۆراکەمدا بە ناوی مێژوویەکی تر دا (1989) تەرکیزم لەسەر ئەو ئەدەبیاتە کردووە کە ژنان لە هەنگاوی یەکەمدا خوێندویانەتەوە و هەروەها زۆر جاران بەڵام نە هەموو کاتێ لەلایەن ژنانەوە نووسراون. هەروەک نووسەرانی ژن، ئەو دەقە رۆمانتیکانەی کە ژنان لە هەنگاوی یەکەمدا دەیانخوێنەوە بەکەم چاویان لێکراوە و لە مێژووی ئەدەبیاتدا دەرهاویشتراون. ئەو ئەدەبیاتە رۆمانتیکە وەک شتێکی "ترسناک" بەرجەستە کراوە و بە فۆرم و شێوەی جیاواز لەناوبردراوە. بەڵام لە مێژوویەکی تر دا تێزێک بەکار دەبردرێت بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقانەی کە نووسەرانی ژن نووسیویانە، بەڵام ئەو تێزەش خۆگونجاندنێکی تێدایە لەگەڵ ئەوەی دژایەتی دەکات لەگەڵ ئەو نۆرمە سەردەستانەی کە هەن.

یەکێک لە کارە هەرە بەرجەستەکانی ئەو بوارە هەتا لە ڕوانگەی نێونەتەوەییشەوە گرنگ بووە ئەو هەوڵدانە بووە کە بۆ نووسینی مێژووی ئەدەبی ژنان دراوە، ئەویش بە چاپکردنی بەرهەمێک بەناوی مێژووی ئەدەبی ژنانی باکووری ئوروپا لە چوار بەرگدا (1992/1997) بووە. ئەو بەرهەمە بریتییە لە هەموو ئەو لیکۆڵینەوانەی کە یەکەم نەوەی لێکۆڵەرەوەی فێمینیستی لە باکوری ئوروپا نووسیویانە. لە ڕێگای مێژووی ئەدەبی ژنان توانراوە ترادیسیۆنی ئەدەبیاتی ژنان کە لە ڕابردوودا داپۆشراو و یان شاردراوە بووە، بیخەنە روو. لەو بەرهەمانەدا مرۆڤ لەهەمان کاتدا ئەوە دەبینێت کە چۆن ژنان لە بواری کۆمەڵایەتیدا پەراوێز

کراون و ئەو ئەو پەراوێزبوونە کۆمەڵایەتییە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ئەدەبیاتێک کە هەم لە دەرەوەی ئافراندن و لەهەمان کاتیشدا بەشدارێکی چالاک بووە لە باسەکانی ئەوکاتدا. ناوی بەشە جۆراو جۆرەکانی مێژووی ئەدەبیاتی باکوری ئوروپا کە بریتین لە بەناوی خوا، ماڵی باوک، جیهانێکی بەرفراوان و لەسەر زەوی، دەرپڕی ڕادەیەکی خۆشبینانەی پێشکەوتنە بە بەراورد لەگەڵ مێژووی ئەدەبی شواڵتێر لە دوو دەیەی پێشتردا. ئەو بەرهەمە هەڵوێست، دەستپێک و تێگەیشتنە جیاوازەکان لە کاتە جۆراوجۆرەکاندا دەخاتە ڕوو کە لە دەقی نووسەرانی بەرجەستەی ژندا هەن. ئەو بەرهەمانە بە گێڕانەوەی زارەکی ژنان بە شێعرەکانی ئێدا لە وڵاتی ئیسلاند دەست پێ دەکات و دواتر بەرەو پێش دەچێت و لە گرینلاندا تەواو دەبێت. لەوێ ئەدەبیاتێک کە لەدوای شەڕ گەشە دەکات لەلایەن ژنانەوە فۆرمولە دەکرێت بۆ ئەوەی بەردەوام دەستپێکی تازە بخاتە بەرچاو.

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەشێکی گرنگی فێمینیزمی سیاسی بووە لە ساڵانی حەفتادا. بەهاوکاری ئەدەبیات و دەقەکان مرۆڤ دەیتوانی ئەوە نیشان بدات کە چۆن گێڕانەوەی سەردەست دەربارەی کۆمەڵگا و جنس داڕشتراوە و فۆرمولە کراوە و هاوکات هەمان گێڕانەوەی سەردەست ئەو گێڕانەوانەی جیادەکردەوە کە گێڕانەوەی ئینکار کراو و هەڵاواردراو بوون. ئەو شێوە پەیوەندییە لە هەشتاکاندا پڕ بوو لە کێشە. لە تیۆریی سازکردنی فەرانسەییدا بەتایبەت ڕوانگەیەکی تەواو جیاوز لەسەر دەقی ژنان و ئیمکاناتی ئەوان بۆ گێڕانەوە یان بۆ دەربڕین، و هاوکات شکڵپێدانی ئەلترناتیڤێک بۆ لایەنە زاڵەکانی کۆمەڵایەتی دانرا بۆ دەرباز بوون لە گوتاری سەردەست. هەرچی لەوبارەوە دەگەڕێتەوە سەر ڕەخنەی ئەدەبیی ئەنگلۆساکسۆنی کە لە بناغەدا ڕوانگەیەکی گەشبینانە بوو لەسەر تواناى ژنان کە گوایە ئەوان دەتوانن سەرباری هەر شتێک، گوتاری پیاوسالارانە بشکێنن و هاوکات دەتوانن ئەزموونەکان و تایبەتمەندیی ژنانەی خۆیان دەربڕن.
تیۆریسێنەکانی فەرانسەوی وەک لویس ئێریگاری، هێلێن سیسۆ و ژولیا کریستێڤا گوتاری پیاوسالارانەیان وەک سیستمێکی یەکلایەنە (monolith)باس دەکرد. لەو سیستەمەدا ژن و ژنایەتی بێدەنگ و بەرتەسک کرابوونەوە.

بە بۆچوونی لویس ئێریگاری ئێمە لە لۆژیکناوەندێکی پیاوسالاردا دەژین، لەوێدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادرێت بە ژن و ژنایەتی کە خۆی دەربڕێت. لویس ئێریگاری لە کارە سەرەکییەکەی خۆیدا بە ناوی (Spéculum de L' autre femm) (1974) بە وزەیەکی زۆرەوە ئەو "وەکیەکبوونە لۆژیکییە" دەخاتە بەرچاو کە کارەکەی کەیت میلێت مان بیردەخاتەوە، ئەو "وەکیەکبوونە لۆژیکە"ی کە لەناو گوتاری پیاوسالاردا کاری دەکات کە لە ئەفلاتونەوە دەست پێدەکات تا دواتر. بە گوتەی ئێریگاری لەو گوتارە پیاوسالارەدا تەنیا یەک جنس هەیە. پیاوبوون پێوانەی هەموو شتێکە، لە جێگایەک کە ئەو پیاوانەییە نییە تەنیا بەتاڵی و بێدەنگی هەیە. هێلێن سیسۆ باس لە زمان دەکات وەک (1975) ( I La Jeune Nèe) لە کتێبی "مەیدانی شەڕێکی گشتی" لەو مەیدانەدا "مردن بە بەردەوامی لەکاردا" و ژنایەتی بەردەوام وێران دەکرێت و ژێردەکەوێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پیاوبووندا. پرۆژەی سیسۆ و ئێریگاری هەر وەک ڕەخنەی ئیدئۆلۆژیکی میلێت وایە،

ئەوان حەز دەکەن گوتاری پیاوسالارانە ئاشکرا بکەن و تێکی بشکێنن، بەڵام میلێت لە ڕێگای جیاوازییە جنسییەکان بەهاوکاری گریمانە کۆمەڵایەتیەکان خۆی فۆرمۆلە دەکرد. هەرچی سیسۆ و ئێریگاری بوون بە شێوەیەکی گونجاو لەسەر زمان ئیشیان دەکرد. تێزی ئێریگاری و سیسۆ زانیاریمان دەربارەی زمانی سەردەست دەداتێ و دەڵێن کە ئەو زمانە سەردەستە زیندانێکە بۆ ژن و ژن ناتوانرێت بەو زمانە باسی لێبکرێت. بە بۆچوونی ئێریگاری و سیسۆ لە چوارچێوەی ئەو زمانە و تیورییە پیوەندیدارەکانی ئەودا ژن و ژنایەتی زۆر جاران تەنێ بۆ مەبەستی گەیاندن، ئەوەی کە ئەمە چەمکگەلی زمانین و هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ نین بە شتێک لە دەرەوەی واقیعدا. لە کاتێکدا میلێت حەزی دەکرد خوێنەر ئاگادار بکاتەوە دەربارەی جیاوازی چەمکەکان و واقعیەت. سیسۆ و ئێریگاری حەزیان دەکرد کە چەمکەکان هەڵوەشێننەوە و لەناویان ببەن. لەبەرامبەر ئەو زمانە پیاوسالارانە و داخراوەدا، ئەوان نووسینێکی نزیک بەهەژاندنی ژنانە دادەنێن. لە ڕێگای ئەو شێوە نووسینەی کە سیسۆ و ئێریگاری ئەو نووسینەی کە زمانی ،(ècriture fèminine) ناوی دەنێن نووسینی ژنانە پیاوسالارانە ریشەکێش دەکرێ و تێکی دەشکێندرێ. بەو شێوەیە جێگا دەکرێتەوە بۆ "ئەو ژنایەتییەی" کە بەرتەس کراوە و ئێمە هەرگیز لەڕێگای ئەو زمانە سەردەستە ناتوانین بزانین "ئەو ژنایەتییە" چییە، بەڵام کاتێک دێتە دەرپڕین زمانی سەردەست تێکدەشکێت.

به باوەڕی سیسۆ و ئێریگاری " ژنایەتی" و " پیاوییەتی" دوو هێزی لەیەکجیا دەبیندرێن. تیوریەکانی ژولیا کریستێڤا زۆرترین کاریگەریان لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هەم لە وڵاتانی ئەنگلۆساکسۆن و هەم لەسەر وڵاتانی باکووری ئوروپا و سوێد هەیە. کریستێڤا باس لە دوو ئاستی زمان دەکات کە یەکیان دەبەستێتەوە بە "پیاوانەیی" و ئەویتریشیان "ژنانەیی" ، لە راستیدا وەکو دوو شوێن و جێگای جیاواز لە گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا بناغە دەگرن. ئاستی "نیشانەناسی" کە کریستێڤا بە یارمەتی تیوری دەروونشیکاری بەهاوژینیی بنەماییانەی دایک و منداڵی دەبەستێتەوە و پێی دەڵێ "ژنانە"، بریتییە لە زمانێک پێشتر لە زمان کە تێیدا منداڵەکە هێشتا نەبۆتە خاوەنی شوناسێک، بەڵکو ماناکان لە پەیوەندی لەگەڵ رووناکی، تاریکی، گەرمی، ساردی و لێدانی دڵ و لەگەڵ ئەزموونەکانی تری مەکینەی هەستەکان ساز دەکرێ. لە کاتی چوونە ناو نەزمی سیمبۆلی "پیاوانە"ی زمان واتا "لۆگۆس" پێکهاتە ڕێزمانییەکان کە بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی ماناسازی پێویستن و شکڵ دەگرن، کاتێک کە دەبێ بەرهەمی ماناداری نیشانەناسانەی "ژنانە" تێبخزێندرێت. کریستێڤا لە وتارێکی بەناوی ( La femme, ce ń est jamais Ça ) لە گۆڤارێکدا بە ناوی ( Tel Quel (1974 دەنووسێت: "بە باوەڕی من ژن شتێکە کە نوێنەرایەتی ناکرێ و ناتوانرێت ناو ببردرێت، شتێکە کە دەکەوێتە دەرەوەی زمان و ئایدۆلۆژییەکان." بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە "ئەو ژنایەتی"بوونە لە تیوریەکانی کریستێڤادا بە تەواوەتی وەلاندراو و دووردەستە. بە بۆچوونی کریستێڤا ئەو "ژنایەتی"ە لە نەزمی سیمبۆلیکی زماندا وەک کارکردێکی کارا و بەهێزی ستروکتوری چەمکە جێگرتووەکان لە ئارادایە. ئەمەش خۆی لە فەزای نێوان بێدەنگی و پچڕانی بەردەوام لە رووبەرووبوونەوەی دەنگەکان و چۆنایەتی ریتمیکی ئەواندا

(La Rèvolution du langage دەردەپڕێت. لە کارە بەرجەستەکەی خۆی بەناوی poètique ( (1974) کریستێڤا ئەو ئاستی زمانە بە "شیعریی" یان "شاعیرانە" ناو دەبات و دەیهەوێت ئەوە نیشان بدات کە چۆن "ئەو ژنایەتییە" بەشێکی زۆر گرنگە لەو بارەوە و گرنگترین شتە لەلای نووسەرانی بەرجەستەی وەک جۆیس، ئارتۆد، سێلین و مەلارمێ. زۆز کەس بۆ نموونە لە سوێد کریستین یەرڤستاد لە کتێبی ڕێنوێنی فێمینیستی(1995)دا ئاماژەی بە ئەو پارادۆکسە داوە کە کریستێڤا لە پەڕینەوەی "ئەو ژنایەتییە" بۆ ناو کارەکانی نووسەرانی پیاوادا دەیبینێتەوە. مرۆڤ دەتوانێت بڵێ کە تیۆرییەکانی کریستێڤا بە زۆر شێوەی جۆراوجۆر ئاڵوگۆڕ و تازەکاری لە چۆنییەتی خوێندنەوەدا پێکهێناوە و خوێندنەوەی تازەی لەسەر دەقی نووسەرانی ژن هەیە.

فێمینیستە فەرانسەییەکان بە زۆر شێوەی جیاواز پشتیان لە فێمینیزمی سیاسی کرد، ئەو فێمینیزمەی کە لە هێندێک بواردا شان بە شانی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ژنان دەڕۆیشت و باسەکان لەسەر ئەو تیوریانە واتا رەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی زیاتر گەشەی پێدرا کاتێ ئەم تیوریانە وەرگێردرانە سەر زمانی ئینگلیزی لە هەشتاکاندا و خوێنەری زۆری بۆ خۆی پەیدا کرد. ئەو تیوریانە بەشێکی گرنگ بوون بۆ ناسیاسی کردن و ئەکادیمی کردنی ئەو لێکۆڵینەوە مەیدانییەی کە شکڵی گرتبوو، لە پێش هەموویانەوە لە زانکۆکانی ئەوکاتی ئەمریکادا. کێن رووتڤێن لە کتێبی Feminist Literary Studiesکە (1984) لێکۆڵینەوەی فێمینیستیانەی ئەدەبی مێژووی رەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی دەنووسێتەوە و ئەو لێکۆلینەوە مەیدانیە فێمینیستیە لە فێمینیزمی سیاسی جیا دەکاتەوە و دەیهەوێت ئەو بوارە بۆ پیاوانیش بکاتەوە. بە بۆچوونی رووتڤێن فێمینیزمی سیاسی دەتوانێ جیاوازیخوازانە بێت، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی ناتوانرێت جیاوازیخوازانە بێت، و ئەوە بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی شواڵتێرە کە دەڵێ ژنان بەهۆی ئەزموونی خۆیانەوە باشتر دەتوانن دەقی ژنان بخوێننەوە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان. بەڵام ئەو ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی بە سازکردنی تیوریەکانی خۆی هەموو بناغەکانی جیاوازیخوازی لەناوبرد و مەبەستی ئەوە بوو کە جنس سازکراوێکی کۆمەڵایەتییە. گەشەی بواری لێکۆڵینەوەی مەیدانی کە جارێک بە لە ڕەخنەوە بۆ لەهەڵڵادان ناوزەدەکات و دواجار بە هەڵوەشاندنەوەی سازکراوە جنسییە زاڵەکان ناوی دەبات، باس لەوە دەکات کە ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی دەبێ بوارێک بێت بۆ ژنان و پیاوان و باس لە دەقی ژنان و پیاوان بکات.

هەر ئەو ساڵەی کە کتێبی لێکۆڵینەوەی فێمینیستیانەی ئەدەبی Feminist Literary Studies ی رووتڤێن چاپ بوو، کتێبی سیاسەتی سێکسواڵ/دەقی Sexual/textual Politics ی تۆری مووا چاپ کرا. ئەو کتێبەش هەمان نووسینەوەی مێژووی ئەو بوارە بوو بەڵام بە هێندێک بابەتی جیاوازترەوە. مەبەستی سەرەکی مووا ئەوە نەبوو کە ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی ئاکادێمیک بکات، هەرچەندە ئەو کتێبەی ئەو لە کرداردا دەورێکی سەرەکی گێڕا لەو بوارەدا. مۆیس هەوڵی دەدا لەبەرامبەر ئەو رەخنە ئەنگلۆ ئەمریکییە کە بە بۆچوونی ئەو لە بناغەدا جەوهەرگەرا و بایۆلۆژیک بوو سەرنج وەرگێڕێتە سەر

ڕەخنەی زمانەوانیی فەرەنسی. کتێبەکەی مووا وەبیرهێنەرەوەیەکی بەهێز بوو دەربارەی ئەوانەی پێشتر لەو بوارەدا بە زمانی ئنگلۆساکسۆنی کاریان کردبوو. لە پێشەکی ئەم کتێبەیدا مووا تەرکیزێکی زۆری لەسەر هەڵسەنگاندنە نێگەتیڤەکەی ئێلین شواڵتێر دەکات کە لەسەر تێکستەکانی ڤیرجینیا وڵفی بە بۆچوونی A literature of their Own هەبووە لە کتێبی ئەدەبیاتی خۆیاندا مووا پێوەرەکانی شواڵتێر ریالیزم، شوناس، ئەزموون، ڕەسەنایەتی وڕاستی وایان لەو کردووە کە نەتوانێت ئەو بنەما گوتارییانەی کە ولف دەریاندەبڕێت، ببینێت. ولف شوناسی تازە نانووسێت، بەڵکو ئەو شوناسە کۆنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام بە بۆچوونی مووا شواڵتێر ئەوە نابینێت چونکە ئەو پێویستی بەو گریمانانە هەیە بۆ باسەکەی خۆی. ئەوەی کە بە تەواوی دژایەتی شواڵتێر دەکات تیورییەکانی ژولیا کریستێڤایە کە بەدوای جێگیرکردن و داخرانی چەمەکەکان و شوناسەکاندا نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەویش هەروەک ولف دەیهەوێت ئەو چەمکانە بتوێنێتەوە.

ئەو سەنگی مەحەکەی تۆریل مووا هەڵیبژاردووە زۆر ستراتێژیک بووە. ڤیرجینیا Aولف بە زۆر شێوەی جیاواز دایکی نەریتەکانە. لە وتاری ژوورێک لەمەڕ خۆی Room Of One's Own (1929) ولف زۆربەی ئەو پرسیارانەی باس کردووە کە دواتر ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی زۆری کار لەسەر کردووە. لێکۆڵینەوەی سیستێماتیکی ئەم وتارە لەسەر ئاستە جیاوازەکان و سازگارییە چەند لایەنییەکان وای کردووە کە ئەو وتارە دەستپێکێکی باش بێت بۆ ڕەخنە لەسەر هەموو ئاراستەکانی تیورییە سازکراوەکان و ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینستی بەجۆرێ لە جۆرەکان هەوڵی داوە تیورییەکانی خۆی بە دەقەکانی ڤیرجینیا ولف ببەستێتەوە.

لە قۆناغی سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستیدا تەرکیز بەتەواوەتی لەسەر ڕوانگەیەکی نەنێرنەمێی بوو، وەک ئەوەی لە کۆتای کتێبەکەی ی ژورێک لەمەڕ خۆی ڤیرجینیا ولف دەبیندرێت. هەروەها کتێبەکەی کارۆلین هێیلبرون بەناوی Toward Androgyny بەرەو نەنێر نەمێی و کتێبەکەی نانسی تۆپینگ کە ناوی Virginia Woolf and the Androgynous ڤیرجینیا ولف و ڕوانگەی نەنێر نەمێی Vision. بوو لە ساڵی 1973 چاپکراون، خاوەنی کەسایەتییەکی یوتۆپیی بوون. ئێلەین شواڵتێر کە بەدوای دەربڕینی ژنانەدا دەگەڕا ئەو کەسایەتییە نەنێر نەمێ بوونەی پێ هەڵاتن و خۆدەربازکردن بوو. شواڵتێر ئەو لایەنە نادیار و ناجێگیرانەی کە لە دەقەکانی ڤیرجینیا ولف دا هەن دەگێڕێتەوە بۆ ناتوانایی ولف لە بەیەکەوە بەستنی دەقەکان و دەربڕینی ئەزموونە ژنایەتییەکانی ئەو. سەرەڕای ئەوەش قورسایییەکی زۆری کتێبەکەی شواڵتێر لەسەر ئەو وتانەیە کە ولف لەسەر گرنگی و ڕۆڵی ئیمکاناتە ماددی و مەعنەوییەکان بۆ نووسەری ژن ئاماژەیان پێدەکات. هەروەها ئەوە ئەو بۆچوونە بوو کە گیلبێرت و گیوباریش باوەڕیان پێ بوو و هاوکات تیوری جوانیناسانەی ئەوان کە دەتوانرێت وەک ئەنجامدانی لێدوانێک بخوێندرێتەوە بەرامبەر ئەو ئیدیالە جوانیناسییەی کە ڤیرجینیا ولف لە کتێبی ژورێک لەمەڕ خۆی دا ئیدیعای دەکرد. بۆ ڤیرجینیا ولف ڕۆمانی جەین ئێر- ی شارلوت برۆنتێ دەقێکی سەرنەکەوتووە و ولف نابودی یان وێرانی ئەو دەقەیەی

دەگێڕایەوە بۆ ئەو ڤیژەیەی کە ژنە شێتەکە داڵانەکانی پێ پڕ دەکردەوە. ئەو ڤیژەیەی کە گیلبارت و گیوبار بەرزیان دەنرخاند. ڤیرجینیا ولف ئەو کارەی شارلۆت برۆنتێی وا دەدیت کە " لە تووڕەیدا نووسیویەتی نە لە ئاگاییدا". بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ولف گیلبێرت و گیوبار پێیان وابوو ئەو تووڕەبوون و هەڵچوونە گرنگترین بەشی ڕۆمانەکەیە.

ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی لە ساڵانی حەفتادا بەشێکی زۆری دیاری کردبوو بۆ دەقەکانی سەد ساڵی رابردوو. و مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە دەقەکانی ولف پێوانەیەک بوون بۆ هەڵسەنگاندنی جوانیناسیەک کە جیاواز بوو لە جوانیناسیی مۆدێرنیستی، ئەو جوانیناسییە مۆدێرنیستییەی کە ولف خۆی یەکێک بووە لەوانەی فۆرمۆلەی کردوە. لە رووناکایی تیوریەکانی بنەماشکێنی و لێکدانەوەی ژێندریانە کە لە ساڵانی هەشتادا زاڵ بوون ڤیرجینیا ولف هاوکات بوو بە سەرنجراکێشترین نووسەر بۆ لێکۆڵەرەوە فێمینیستەکان. بۆ لێکۆڵەرەوەکانی وەک ماکیکۆ مینۆو_پینکوێی و ڕاچێل بۆلوبی دەقەکانی ولف ببوونە دەرپڕی نامومکین بوونی سیاسەتی شوناس، پەراوێز و سنووردداربوونی "ژنایەتی"، هەروەک بۆچوونە زمانییەکانی کە کریستێڤا لە کتێبی ڤیرجینیا ولف و کێشەی سۆبژە و کتێبی چارەنووسیVirginia Woolf & the problem of the Subject
(1988). لە لێکۆڵینەوەی ژیاننامەییFeminist Destination فێمینیزمدا فێمینیستیدا کە جێگایەکی گرنگی هەبووە لە تیوری ئەدەبی ئەو دەیەدا دیسان باس لە ولف دەکرێتەوە و بۆ نموونە سیدۆنیێ سمیث لە کتێبی سوبژە، شوناس ) باس لە Subjectivity, Identity, and the Body . ) (1993) ( و جەستەدا پێویستی لابردنی "خود"ی نەزمی کۆن دەکات.(

لە کۆتایی هەشتاکاندا ترازانێک لەو چەمکانەدا روویدا کە بزووتنەوەی فێمینیستی هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە لە خۆیدا جێگای کردبووە. چەمکەکانی وەک شوناس، سۆبژە، ئەزموون، مێژوو و راستی کە بەدواداچوونی بنەماشکێنی لەخۆیدا تواندبوونییەوە، هەروەک حەزی گوتاریی دەسەڵاتی زاڵ بۆ پێکهاتە زمانییەکان. دەقی ئەدەبی بە زۆر شێوەی جیاواز شوێنی خاوەن ئیمتیازی خۆی لەدەست دەدات لەناو لێکۆڵینەوەی فێمینیستیدا. مرۆڤ پێی وابوو کە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە ناتوانن چەند گێڕانەوەیەکی ئالتێرناتیڤی بدەن بەدەستەوە، بەڵکو تەنیا تێگەیشتنێکی قوڵترە دەربارەی ئەو پیاوساڵارییەی کە لە ئارادایە. بە بۆچوونی ئالیس ژاردین لە کتێبی بنجوبنەوانGynesis (1985) کە یەکێک بوو لەو کتێبانەی کە سەرنجی لەسەر ئەو ژنە واقعی و دەقەکانی ئەو وەرسوڕاندە سەر هەمەلایەنی کولتوریی دەق یان گوتار، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانرێت ببینرێت کە چۆن نیشانەی "ئەو ژنایەتییە" لەناو گوتار یان دەقدا کار دەکات و چۆن " ژنایەتیی" سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە لە زماندا. ناوی کتێبەکەی ژاردین بۆ خۆی جێگای باسە و ناوی کتێبەکە ڕووی باسەکەی لە جینۆکریتیسیزمی ئیلێن شواڵتێرە. بۆ ژاردین ئەو فێمینیزمەی شواڵتێر و فێمینیستەکانی ساڵانی حەفتا دەرپڕینێکی زیاترن بۆ دووبارە بیرکردنەوەی پیاوساڵارانە کە ئەوان پێیان وابوو دژی تێدەکۆشن. بە گوتەی ژاردین " ژنایەتیی " دەبێ سەرلەنوێ بنووسرێتەوە و ئەوە ئەو پرۆسێس و گەورەییە دەقییە یۆتۆپیاییە نەناسراوەیە کە لە زماندا دەنووسرێت

و ژاردین ئەوە ناودەنێت "gynesen."

ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەناو فەلسەفە و رەخنەی فێمینیستیدا لە ساڵانی هەشتادا روویدا تایبەتمەندییەکی پارادۆکسانەی هەیە و هاوکات " ژنایەتیی" دەکەوێتە جەرگەی نەتەنیا باسەکان لەناو فێمینیستەکاندا بەڵکو بەهامن ڕێژە دەکەوێتە ناو باسی فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی وەک دریدا، ژیل دێلوز، ژان بۆدلێر و باس لەسەر ژنی دیاریکراو یان کۆنکرێت کۆتای پێ دێت. ئیتر ئەوە دەقی ژنان نییە کە دەبێتە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی مرۆڤ، بەڵکوو ئەوە "ژنایەتییە" کە لە گوتاری دەقی و کولتوری و لە چوارچێوەی فێمینیزمدا کە ژن بۆ خۆی، یاخود وەک جنس بەرهەمی دەهێنێ، دەبێتە ئەو دەقەی کە مرۆڤ دەیخاتە بەر لێکۆڵینەوە. لەناو ئەوانەی کە زۆر لەوە زیاتر پەرەی بە ئەو بوارە داوە جۆدیس باتلێر_ە، کە یەکێکە لە ئەستێرە هەرە گەشاوەکانی پۆسفێمینیزمی ئەمریکاییە لە ساڵانی هەشتادا. (1990) هەموو ئەو Gender Trouble لە کتێبەی خۆیدا بە ناوی گرفتی ژێندر بۆچوونانە رەت دەکاتەوە کە دەڵێت شتێک لە دەرەوەی زماندا هەیە. بە بۆچوونی باتلێر ژنایەتی دەقیقەن وەک پیاوەتی، هۆمۆسێکسوالیتی و هەموو ئەو شوناسانەی تریش هیچ شتێک نین جگە لە گوتار. هیچ ژێردەرێک نییە، هیچ شتێک لە پێش زمان و ئەو سیستەمە نیشانەییەی ئێمە کاری پێ دەکەین لە ئارادانیەە. هیچ شتێک لە پاش زمان و لە دەرەوەی زماندا نیە. هەموو شتێک گوتارە و تەنیا شتێک کە ئێمە دەتوانین دەربارەی جنس بیکەین گەڕان و کارکردنە لە گوتاری ژێندردا.

لە بەشی کۆتایی هەشتاکاندا زۆر دەنگی ڕەخنەیی دژ بەو ڕەوتەی کە بەسەر بواری لێکۆڵینەوەی ژناندا زاڵ بوو، بەرزبۆوە. ژانێت تاد ( Janet Todd) مێژوونووسینەکەی خۆی کە ناوی مێژووی ئەدەبیی فێمینیستی Feminist کە لە ساڵی (1988) چاپی کردبوو، وەک داکۆکییەک ناویLiterary History دەبرد. لەو کتێبەیدا تاد پێشنیاری بۆ لێکدانەوەی دەق ئەوە بوو کە گرنگی بدرێت بە لایەنی مێژوو و ئەزموون لە جێگای ئەو بەتیۆریکردنە زاڵەی کە هەیە. دەبێ لێکۆڵینەوە بەستێنییەکان دەست پێبکرێنەوە تاوەکو لێکدانەوەیەکی سیاسیانە بێتەئاراوە کە لە ئەودا چەمکێکی وەک ئەزموون دەتوانرێت بەکاربهێنرێتەوە. لە سوێد ناسازگاری و بەربەرەکای هەبوو لە نێوان ئەو شتەی کە بە جەوهەرگەریی ناوزەد کراوە، بە واتایەکی تر باوەڕ بە بایەخ و تایبەتمەندییە ناوخۆی و نەگۆڕەکان، وە لێکۆڵینەوەکانی پێشتری سوێدی لەم بوارەدا و ئەو سازکردنە سیستماتیکەی کە لەناو لێکۆڵینەوەی ژێندردا رەنگی دابۆوە. هەڵبەت ئەم مەسەلەیە هەرگیز بەو رادەیە بەرجەستە نەبوو وەک ئەوەی لە ئەمریکادا هەبوو. بە شێوەیەکی تر مرۆڤ دەتوانێت بڵێ کە ڕەخنەی فەرانسەوی لە ڕوانگەی ژێندریدا لەگەڵ ڕەخنەی نەنێرنەمێ دا تەواو کەر یەکتر بوون و ئەو ڕوانگەیان نوی کردۆتەوە.

لە نامەی دوکتۆراکەی ئێبا ویت براتستروم کە کارگەری کریستێڤای پێوە دیار بوو، براتسرۆم لە ڕێگای تیورییەکانی ژولیا کریستێڤاوە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو ژنایەتی، سەرپێچیکەریی و تایبەتمەندییانە لە دەقەکانی موا مارتینسۆندا دەخاتە ڕوو. هەروەک تیورییەکانی ئالیس ژاردین لە لێکدانەوەکانیی ئێڤا ئادۆلفسۆندا کە

له "وڵاتی سەرسنوور"(1991) دا بڵاوی کردۆتەوە. لەو لێکدانەوەیەشدا پێ لەسەر دەقی نووسەرانی ژن وەک سنوورتێپەڕ و خاوەن هێزی نوێکەرەوە دادەگیرێت. لە کتێبی ڕێنوێنییە باوەکانی فێمینیستدا1995) بۆ نموونە تیوریەکانی جۆدیس باتلێر کە لەلایەن سارا دانیوسوە دەناسێندرێن، سەرنج دەخرێتە سەر دژایەتییەکان لە نێوان جەوهەرگەرایی و ساکردندا و هەڵوێستێکی توند بەرامبەر بە جەوهەرگەرایی دەگیرێ. وتارەکانی ناو ئەو کتێبە هەمان پێشبینیان هەیە کە لە لێکۆڵینەوەی ژنان لە پێشتردا هەبووە. ئەو کتێبە کاری کردە سەر باشترکردنی نەریتی مێژووی ژنان، نەریتێک کە بەسەر لێکۆڵینەوەی سوێدی لەو بوارەدا بەردەوام زاڵ بووە.

دەرئەنجامەکەی ژانێت تاد بۆ مێژووی ئەدەبی ژنان لە کۆدا فۆرمۆلە کرابوو، واتا "مێژووەکانی ئەدەبی ژنان". تاد نەیدەویست پاساو بێنێتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئەو گشتگیرییەی کە لەناو بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ژناندا هەبووە، کە لەواندا پیتی سەرەتای ووشەی ژن "ژ" بە گەورە نووسراوە و تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، بەڵکوو ئەوەی تاد دەیویست بیکات لێکدانەوەیەکی تەواوی گێڕانەوەکانی مێژووی ئەدەبیات بووە. لە کۆتای هەشتاکاندا و بەتایبەت لە نەوەدەکاندا مرۆڤ دیسان کارپێکردنەوەی ئەدەبیات دەبینێ لەناو لێکۆڵینەوەکانی فێمینیستاندا، بەتایبەت لەناو کەمینە گروپەکاندا. بەتایبەت بە هەمان شێوەی کە فێمینیستانی ساڵانی حەفتا دەیانکرد، فێمینیستەکان لە نەوەدەکاندا کاریان لەسەر ئەدەبیات دهستپێکردوە و دەیانویست لە ڕێگای ئەدەبیاتەوە چۆنییەتی کارکردنی ئەو گێڕانەوە کۆمەڵایەتییە زاڵەی کە هەیە نیشان بدەن، بەڵام بە بەکارهێنانی بنەما تیورییە نوێکان. لە کتێبی سازکردنەوەی ژنایەتی Reconstructing Womanhood (1987) کە نووسینی مێژووی ئەدەبیاتی ژنانی نووسیویەتی، شوناس یان (Hazel V.Carby) ئەمڕۆی ئەمریکایە و هازێل کاربی مێژوویەکی تر ناناسێندرێت، بەڵکوو کاربی دەیهەوێت نیشان بدات کە چۆن چەمکی (ژن)، (سپی) و (ڕەش) لە دەقە ئەدەبییەکاندا کار دەکەن. بەهەمان شێوە ئێڤا کۆسۆفسکی سێدگویک لە میانەی لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا لە Between Men کتێبی لەنێوان پیاوان دا (1985)دا بە شوێن ئەوەدایە کە چۆن تابووی هۆمۆسێکسوێل وردە وردە لە دەقە ئەدەبییەکاندا لە ڕێنسانسەوە بۆ ئەولاوە جێگیر کراوە، بە جۆرێک کە لە سەدەی نۆزدەدا بوو بە سنوورێک کە مرۆڤ لێی دەرباز نەدەبوو.

لە نەوەدەکاندا مرۆڤ تێبینیی حەزێکی تازەی دەکرد بۆ سەر پەیوەندیی سۆبژەییانە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا. لە کتێبی ڕەخنەی چڕدا The intimate critique (1993) ژانێت تۆمپکینس لە وتارەکەی خۆیدا بە ناوی من و سێبەرەکەی من Me and My Shadow
هاواری ئازادبوونی دەق دەکات لە دەست تەواو یەکڕەنگیی تیوری. لە کتێبی (Getting Personal) کە نانی ک. میلێر نووسیویەتی و کتێبی Alchemy of Race and Rights) کە پاتریسیا ویلیام نووسیویەتی، هەردووی ئەو کتێبانە لە ساڵی (1991) دانووسراون، مرۆڤ دەتوانێت بزانێت کە چۆن گێڕانەوەی ژیاننامەیی کە لە فێمینیزمی حەفتاکاندا زۆر باو بوو، دیسانیش دەبێتەوە جێگای متمانە. بەڵام،

ئەمجارەیان، ئەم جۆرە گێڕانەوەیە نەبووە بنەمایەک بۆ سازکردنی تیۆری یاخود پێوەرێکی بایەخدانان، بەڵکو لە ڕاستیدا بوو بە دیاریکەری ئەو شوێنەی مرۆڤ لەوێوە قسە دەکات و هەروەها بوو بە سەنگی مەحەک و بناغەیەک بۆ ئەو گەڕانە بەردەوامەی کە هەبوونی ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی پێکدێنێت.

**ژێدەرە ئەدەبییەکان:**
1. کتێبێک کە تێگەیشتنێکی زۆرباش دەدات لەو بواری لێکۆڵینەوەیەدا و هاوکارییەکی باشە بۆ لێگەڕان بە دوای دەقی تایبەتی کتێبی خوێندنەوەیەک: کە (1986) (Feminist Literary Theory. A Reader )تیئوری ئەدەبیی فێمینیزمی ئێدیتی کردووە.. لەو کتێبە دا کۆمەڵێک دەقی (Mary Eagleton)  ماری ئیگڵتن ئەم نەریتە خراونەتە بەر باس: "دۆزینەوەی سوونەتی ژنانە"Finding Female Tradition" " و "ئایا ژنان جیاواز دەنووسن؟"Gender and Genre "، ژێندر و ژانر " ”
"” Do Women Write Differently”

2. کتێبی "تیوری مۆدێرنی ئەدەبی، لە فۆرمالیزمی رووسیەوە تا بناغەشکێنی"(1991) کە ئیدیتۆرەکانی کلاس ەنتزێنبێری و سیسیلیا هانسۆن-ن، لەم کتێبە دا بەشێک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی تەرخان کراوە و یەکێک کە لەوێدا جێ دەگرێت وتارەکەی ئێلین شواڵتێرە بەناوی "ڕەخنەی ئەدەبیی فێمینیستی لە زەوی بەیاردا". بەڵام جگە لەوەش چەندین دەقی دەروونشیکارانەش لەناو ئەو کتێبەدا جێ دەگرن.

3French Feminist Thought. "بیروبۆچوونی فێمینیزمی فەرانسەویی" " " (1987) کە ئیدیتۆرەکەی تۆریل مووایە کە پێکهاتووە لە ناساندن و کورتەی تێکستەکانی فێمینیستە فەرانسەوییەکان. لە  هێندێک لە وان بۆ نموونە بەشێک " ی ژولیا کریستێڤا کراونە سوێدی، جگەStabat mater och andra texterلە" " کە دەربارەی نووسەرایەتیFasans makt لەوەش وتارە درێژەکەی کریستێڤا" " En essä om abjektion کراوەتە سوێدی. پاشان " (Celine) سێلین دایەە (1992) و هەروەها "ئەخلاقی جیاوازیی جنس و دەقگەلی تر" (1994) کە لەلایەن لوس ئێریگاری نووسراوە.

4. "فێمینیزمەکان" کە ئیدیتۆرەکەی لیسبێت لارشۆن-ە کە بەشێکی زۆر لە دەقگەلی تیوریسێنە سەرەکییەکانی ژیندری لە خۆی گرتووە، لە ئالیس ژاردینەوە تاوەکوو جۆدیس باتلێر. لە کتێبی "ڕێنوێنییە فێمینیستیەدکان"(1995) کە ئیدیتۆرەکانی کلایودیا لیندێن و ئولریکا میلێس-ە، لەو کتێبەدا کۆمەڵێک لێکدانەوە و لێدوانی تێدایە کە ڕوانگەی تیۆریسسیەنەکانی وەک ئالیس ژاردین و باتلێر و ئەوانی تریشی تێدا ڕەنگدەداتەوە.

5. بۆ لێکدانەوەیەکی وردتر لەسەر دەقەکانی نووسەرانی ژن کتێبی "مێژووی ئەدەبیاتی ژنانی باکووری ئوروپا" کە پێنج بەرگە دەستپێکێکی باشە. لەم  کتێبە چەند بەرگەدا مرۆڤ گەورەترین شێوەیکارکردنی بەکۆمەڵ دەبینێ لەسەر لیکۆڵینەوە لە بواری رەخنەی ئەدەبیی فێمینیستیدا. بەشی پێنجەمی بەناوی

"ژیان و بەرهەم"(2000) بە هۆی لایەنە فاکتاییەکانی ژیاننامەیی و بیبلوگرافیایی، سەرەتایەکی باش بۆ کاری بەردەوام مسۆگەر دەکات. (تیۆری ئەدەبی: سەرەتایەک)

سەرچاوە:
. Litteraturvetenskap – en inledning
(تیۆری ئەدەبی: سەرەتایەک)
Lisbeth Larsson